وەزارەتــی نــــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٣٥٧٥
ڕێکەوت : ١٩ / ١٠ / ٢٠٢٢

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.٢٨- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی

## ( قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی (گۆبان، نازێی گەورە) کەلار )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگــــاداری ســــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکــــان دەکەیــــنەوە کە تەنــــدەر ی پــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـوەبەرایەتی ڕێگاوبـانی گەرمیـان ) , لە سـەر بـودجەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان/ ئیـدارەی گەرمیـان ساڵی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ١٥٠ ) سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جـێ بەجـێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی (دوو شـــەممە ٢٤/ ١٠ /٢٠٢٢ )ەوە دەســـت پـــێ دەکــات تــا ڕۆژی ( دوو شـــەممە ٧ / ١١ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( چوار شەممە ٩ / ١١ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشــداربوان بــۆ هەر پرســیار و ڕوونکــردنەوەیەك لەســەر تەنــدەری پــرۆژەکە دەتــوانن ســەردانی ئیــدارەی گەرمیــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .

• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( ٢ تا ٦ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

رامیار عبدالرحمن احمد
ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان
/ ١٠ / ٢٠٢٢